**دەستپێشخەریی فێمینیستانە لە سیاسەتدا پێویستە.**
حوکمەت وا بەرەو هەڵبژاردن ملدەنێ، هەگبە سیاسیەکەشی بە ریکۆردی سویدیانە، پڕە لە دژەفێمینیستی. بەرەی سەوزوسوووریش لە پراکتیکدا بە پێچەوانەی بۆچوونە فێمینیستیەکەیان، پیادەی سیاسەتی خۆیان دەکەن.
کاتێ کە پارتەکانیتر فێمینیزم بۆ خۆشکرنو رازاندنەوەی بنەمافیکریو سیاسیەکانیان بەکاردەهێنن، لای ئێمە فێمینیزم خۆی بنەمای فیکرو سیاسەتە. ئێمە لە بواری سیاسەتدا پارتێکی تازەین، بیرکردنەوەمان تازەیە. پارتە خۆداکوتاوەکان لە توانایاندا نیە هەڵاواردنی جنسی، رەگەزپەرستیو ترس لە هاورەگەزی کەم بکەنەوە.
ئەگەر بەتەمای دەنگمان پێبدەی، بۆ زانینت ئەوە هەر تۆ نیت کە پێتوایە فێمینیزمێکی زۆرتر لە سیاسەتدا ئەمڕۆ پێویستە. لە هەڵبژاردنەکەی EU ی پار 2,2% ی دەنگەکانمان بەدەستهێنا، ئەم ئەنجامە هەرگیز میدیاکانو دەزگای پێوانی رایگشتی پێشبینیان بۆ نەکردبوو. لە زۆربەی ناوچەی وڵات رێژەی دەنگەکان لە سەرووی رێژەی قەبوولبوونی پەرلەمان بوو. بۆ نموونە لە Södermalm ی ستۆکهۆڵم رێژەکە 7,6% بوو، لە Majorna ی شاری یۆتۆبیری 8,1% بوو، لە Möllevången ی شاری مالمۆ رێژەکە 12,3%بوو.
لە دەنگدانێکی کراوە لەسەر ماڵپەری ئینتەرنێتدا، لێگەڕاین دەنگدەران لەگەڵماندا بەشداربن لە بڕیاردان لەسەر ئەو پرسانەی کە دەستپێشخەریی‌فێمینیستانە پێویستە لە هەڵبژاردندا بە هەندی‌هەڵبگرێت. پرسەکانیش لە خوارەوە دەستنیشانمان کردوون.
دەنگێک کە بۆ دەستپێشخەریی‌فێمینیستانە بدرێت بە فیڕۆ ناڕوات، ئەو دەنگە پشتگیریەکی باشە لە سیاسەتی فێمینیستی. لە هەڵبژاردنی ئەمجارە بەتەماین مێژوو تۆماربکەین.

**ئەمانەیە ئێمە دەمانەوێت کاری بۆ بکەین:**
**مووچەی یەکسان**. تا ئێستاش کەمتر لەهی پیاو حیساب بۆ کاری ژن دەکرێت . لە کاری رۆژانەدا مانگانە تێکڕای موچەی ژنان 4700 کرۆن لە هی پیاو کەمترە. ئێمە دەمانەوێت فۆندی یەکسانی دابمەزرێنین، کە پتوانێت خەرجی بەرزکردنەوەی مووچە لە کارو لەو شوێنانە دابین بکات کە ژنان تێیدا زۆرینەن. بەرزکردنەوەی مزی‌خاوەنکار بە رێژەی نیو لە سەدا- مزەیەکسانی- بخرێتە سەر هەموو خاوەنکارێک. لە هەمان کاتیشدا پێویستە دەوڵەت هەمان بڕ، چوار ملیارد کرۆن، هاوکاری دارایی بکات. ئەو پارەیەش بدرێتە هەر خاوەناکرێک کە مووچەی ژنان لەو بوارانەدا بەرزدەکاتەوە.، کە زۆرینە تێیدا ژنن.

**بە تاکانەکردنی بیمەی دایکوباوکانە**. ئەمڕۆ ژنانێکی زۆر کە خاوەن منداڵیساوان، بۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەیان پێویستیان بە کارکردن هەیە. بەهەمان شێوە باوکانی خاوەن منداڵیساواش لە پیاوانی دیکە پتر پێویستیان بە کات هەیە. ئێمە لەژێر رۆشنایی بیرۆکەی بە تاکانەکردنی بیمەی دایکوباوکانە هەنگاوێک لەو بیرۆکەیەی کە پێیوایە ئەرکی بەخێوکردنی‌منداڵ هی ژنە، بەدووردەکەوینەوە. ئەم بیرۆکەیە دەبێتە هۆی دابەشکردنێکی عادیلانەی کاری بێدەستهەقی ناو ماڵ. پێویستە بیمەی دایکوباوکانە چۆن بۆ دایکو باوکە تەنیاکان بەهامان شێوەش بۆ خێزانە تازەدروستکراوەکانو خیزانەهاورەگەزەکان دابین‌بکرێت.

**کورتکردنەوەی سعاتی کار**. چل سعات لە حەفتەیەکدا، بارودۆخێکی درووستکردوە کە زۆر لە ژنانێک ناچارن کاری نیوەچل (deltidstjänst) هەلبژێرن، چونکە لە هەمان رۆژدا قورسایی ئیشی ناو ماڵو خزمەتکردنی منداڵو پیرو پەککەوتەیان لەسەرە، پێڕاناگەن. کورتکردنەوەی ماوەی کاری رۆژانە، رادەی ستریسی رۆژانە کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا ژیانی کارو منداڵبەخێوکردن ساناتر دەبێت، مرۆڤ کاتی بۆ رابواردنی رۆژانەی خۆی، هەروەها ئەنجامدانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیشی دەبێت. بە کەمکردنەوەی ماوەی کاری رۆژانە دەتوانین تەمەنێکی پتر هێزو توانای کارمان لا بمێنێت. پێویستە

دەوڵەت توانای زۆرتر بخاتە گەڕو بە ئامانجی کورتکردنەوەی سعاتی کار دەستپێشخەر بێت لە دروستکردنی گفتوگۆ لەنێوان بەشەکانی بەشداربووی بازاڕیکار، بۆ قسەکردن لەسەر کورتکردنەوەی سعاتی کار.

**گۆڕانی سەوز**. لەو گۆڕانی کەژەدا، ژنە هەژارەکانی وڵاتانی سێهەم، لە هەموو کەسێک خراپتر زیانیان پێدەگات. ئەمە لە کاتێکدا کە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی رۆژئاوا هۆکارن لە درووستبوونی دیاردەی پەنگپێخواردنی گەرما Växthusgasutsläppen لە دەوری گۆی زەویدا، ئەمیش لە ئاست خۆیەوە هۆیەکی سەرەکیە لەو کەژگۆڕانەدا. سوید لەو مەسەلەیەدا قەرزباری ئەو وڵاتەنەیە کە کەژگۆڕی کاری تێکردوون. بۆیە پێویستە سوید بە سامانو تەکنۆلۆجیای تازە، جگەلە کۆمەکی دەوڵەتی. قەرەبوویان بکاتەوە. لە ناو خودی سویدیشدا لە بواری هاتووچۆی گشتی، خانووی کەم وزەخۆرە، هەروەها لە بواری کەم گۆشتخۆریدا پێویست بە گۆڕانکاری دەکات. نەهێشتنی زێدەباج moms ی سەر هاتوچۆی قیتارو پاسەکان لاببردرێتو لە بری ئەوە کۆمەکی پتری دەزگای شەمنەدەفەرو دایرەی هاتووچۆ بکرێتو رێنمایی بکرێن بە چ شێوەیەک نرخی بلیتەکانیان کەم بکەنەوە.

**پشتگیری سیاسەتی پەنابەری**. کاتێ کە دونیا نوقمی ناعەدالەتیو توندوتیژیە، بێگومان خەڵکانێک هەن لە وڵاتی خۆیان ناچاری سەرهەلگرتن دەبنو پێویستیان بە پەناگەو حەوانەوە هەیە لەوڵاتێکی گونجاو. ئەمەش مافی هەر مرۆڤێکە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەزگای کۆچ مەرجەکانی رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی بەجێ بگەیەنێت. ئەمرۆ دەیان هەزار کەس بە بێ مۆڵەتی مانەوە، دوور لە مافە بنچینەییەکان، لە گێژاوی پرۆسەی سیاسەتی پەنابەری، لە سوید دەژین. پێویستە ئەو خەڵک مۆڵەتیان بدرێتێ.

**نا هەر نایە**. زۆر لەوە بێزارین کە هەردەم دەسەڵاتی حوکم لە کاتی شکایەتکردنی ژنان لەمەڕ دەستدرێژیەوە ژنەکان تاوانبار دەکرێنەوە. ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە کە دادگاکان لەوە تێبگەن، کە پیاوان دەزانن نا مانای چیە. با یاساکان بەوشێوەیە دەستکاری بکرێنەوە، نەبوونی حەز بخرێتە بنچینەی تێگەیشتن لە پێناسەی توندوتیژیدا. ئەو کات دەکرێ پارێزەرەکانو پارێزەرەگشتیەکان (مودەعی گشتی) لە کێشەی دەستدرێژی، لە دادگادا، ئەو پرسیارە بکەن، ئایا کەیو چۆن حەزت لە جنس کرد؟

### دەتەوێ زانیاری پتر بەدەستبهێنی؟

سەردانی ماڵپەڕەکەمان www.feministisktinitiativ.se بکە، یان ئەوەتا بەم ناونیشانە:
info@feministisktinitiativ.se پەیوەندیمان پێوە بکە.

### کۆمەکمان بکە!

ئێمە بودجەیەکمان نیە. هەڵمەتی هەڵبژاردنیشمان بە دیاریەکانو ئابوونەی ئەندامەکانمان بەڕێوەدەچێت. تۆزی کۆمەک بخەرە سەر ئەم پۆستگیرۆیە 405753-5 لەسەریشی بنووسە "Gåva".

### ببە بە ئەندام!

زۆرترین ئەندام، توانامان لە درووستکردنی رایگشتی پتر دەکات، هەروەها بزووتنەوەکەش بەرینترو خۆشتر دەبێت. هەرچەندێکی لەدەست بێت لە نێوان 30 تا 300 کرۆنی سویدی بخەرە سەر پۆستگیرۆکەمان405753-5 لەسەریشی بنووسە Medlem هەروەها ناوی تەواوی خۆت لەگەڵ ناونیشان، ئیمەیلی لەسەر بنووسە.